# له مێشکیان ڕەقترو له بەرد نەرمتریان  نەدۆزیەوە...!!!

کامەران عەزیز

دۆعا گیان ...

له بەرد نەرمتریان  نیيه بۆ ڕەجمی  سـۆز و خۆشـەويـستـی ...!!!

له چەقۆ کولتریان  نیيه بۆ سەربرينـــی ســـەری  خۆشەويستی ...!!!

له فیشەک دوربينتریان  نیيه بۆ نیشان لێدانـی يەکــبونی خۆشـــەويـستـی ...!!!

له گوريس باريکتریان نیيه بۆ بەند کردنی هەنگــاوی  خۆشـــەويـستـی ...!!!

له ئاگرو نەوت  سارتریان نیيه بۆ سـوتانی جەسـتـــەی  خۆشـــەويـستی ...!!!

له زەلکاو و ئاوی مەنگ  پاکتریان نیيه بۆ خنــکــاندنـــی   خۆشـەويـستـی ...!!!

له چاوی لێڵ و پیس ڕونتریان  نیيه بۆ تێکدانی جێ ژوانی خۆشەويـســتـی ....!!!

له حەمام و ژێرزەمین کراوە  نیيه بۆ بێ دەنگ کردنی هاواری  خۆشــەويـســتـی ...!!!

له دەشت و قەراخ شار بێ ئارامتریان نیيه بۆ فڕێدانی تەرمـی خۆشـــــە و يـسـتــی ...!!!

له ئايین و تاريکی سامناکتریان بۆ ترساندنی  خەيــالـــــی خۆشـــەو يســتـی ...!!!

له  لوت  بڕين  و  لێوبڕين  کەمتریان  نیيه  بۆ  ئەتـک  کـردنـی   خۆشـــەويـســـتـی  ...!!!

له  کولتوری خۆماڵی ، جوانتریان نیيه بۆ ناشیرين کردنی ئامێزی خۆشـەويـستـی ...!!!

له هەوەس و شەهوەت و مەزنی پیاوەتی زياتر نابەخشن و وەرناگرن بۆ خۆشەويســـی ...!!!

27.04.2007